شەجەریان تاقەتی گۆرانی وتنی نەماوە!



لەدوایین دیداریدا کە لەچەند رۆژی رابردوودا لەگەڵ سایتی ئیلنادا ئەنجامیدابوو، تیایدا شەجەریان وتی: گرنگترین بەشی راهێنانی وڵات، رادیۆو تەلەفزیۆنە، ئەم دووانە تەنانەت لەزانکۆو قوتابخانەشدا کاریگەرییان لەکاروباری هونەریی و راهێنان زیاترە، چونکە لەهەموو ماڵێکدا بەردەوام سەیری تەلەفزیۆن دەکەن و رادیۆو تەلەفزیۆن دەبێت بەبەرنامە دارشتنێکی ریکوپێك وبۆیەدەبێ هەڵبژاردنی موزیکی گونجاوو لەکات و شوێنی گونجاودابێت، بەڵام بەداخەوە ئێستا هیچ کارێك لەمبارەیەوە ناکرێت و بەرنامەکانی موزیك لەکاتی ریکلام بۆ جلوبەرگدا پەخشدەکرێن و ئەمە سووکایەتییە بەموزیك و بێ حورمەتییە. پێش شۆرشی ئێرانیش ئەوەندە بێ حورمەتی و سووکایەتی بەهونەرو موزیك نەکراوە کەئێستا دەکرێت و هیچ کەس سەبارەت بەرۆڵی هونەرو موزیك لەکۆمەڵگەو دەروونی خەڵك سەرنج نادات.

لەپرسیارێکی سایتەکەدا کەئەلبوومە نوێیەکەی کە(جام تەهی)یە، هەندێك لەبەرهەمەکانی پێشووی لەخۆدەگرێت، ئایا ئەلبوومی تازەی بەدەستەوەیە؟ شەجەریان دەڵێت: لەهەشت ساڵی رابردوودا هەندێك کاری تازەم ئامادەکردووە، بەڵام ئێستا تاقەتی گۆرانی وتنم نەماوە، چونکە بەڕاستی ئێستا گۆرانی وتن بۆمن سەخت و دژوارە، هەرچەند هەوڵدەدەم هەڵنابم!

سایتی هەواڵنێر ئیلنا

جەواد حەیدەریی